# " چاک ڕێکخراوێکی کەم دەرامەت و دەستکەوتی مەزن "

یەکەمجار کە ناوی ڕێکخراوی "چاک" م بیست پێموانەبوو بتوانێت خزمەتێکی ئەوتۆ بکات بەڵام هەر چاودێریی بانگەوازو نووسین و چالاکییەکانم دەکرد ، ئاخر بەلامەوە ئەستەم بوو کۆمەڵە گەنجێک هەر یەکەو لە قوڕنەی ولاتێک کە خوا خۆی دەزانێت ئەو گەنجانە بە هەزار زەحمەت و ڕەنگە بە کوێرەوەری بتوانن بژێویی خۆیان بە شێوەی بژیو مەمرە دابین بکەن ،چۆن بتوانن شان بدەنە بەر ئەرکێکی گەورەی وەک ئەوەی لە بلاوکراوەکانیان باسیان لێوەدەکرد ، بەهیچ پێوەرێک نەدەگەیشتمە ئەوەی قەناعەت بکەم "چاک" بتوانێت کارێکی بەرچاو ئەنجام بدات ، ئەمەیان نەک خوانەخواستە کەمترین گومانم هەبێت لە تواناو دڵسۆزیی ئەو پۆلە گەنجە ، نەخێر بەڵکو بە حوکمی ئەوەی ماوەیەکە لە دەرەوەی کوردستان دەژیم دەزانم کە دوور لە ڕووی ئێوە چوونە "ئاودەستیش" لە دەرەوە بە پارەیە، ئیتر چۆن بتوانن پارە دابین بکەن بۆ گرتنی پارێزەر و خەرجی دادگاکان کە لە دەرەوە یەکێکە لەو شتانەی کە پارەیەکی زۆری گەرەکە ، دادگاو پارێزەر لە هەموو خەرجێک گرانترە لە ولاتانی دەرەوە.

ورده ورده چاونەترسیی و بوێریی ئەو کۆمەڵە گەنجە ڕۆژ لە داوی ڕۆژ دەردەکەوت , تاکو گەیشتە ڕادەی دەستیان کردە ڕاوکردنی گەورە تاوانباری ئەنفال ژەنەڕاڵی ئێسکگران نەزار خەزرەجی لە ولاتی دانیمارک و هەلاتنی نەزار لە ترسی دادگایی کردنی لەو ولاتە ، ئەمە لە کاتێکدا هەردوو پارتە دەسەلاتدارەکەی کوردستان پاکانەیان بۆ ئەو تاوانبارە بلح و ناقۆلایە دەکرد.

تادەهات چاک پەرەی دەسەند هەندێک کەس و لایەن کەوتنە دژایەتیی کردنیان کەوتنە بەر هێرشێکی ناڕەواو گەیشتە ڕادەی بێویژدانیی بە لێدانی تانەو تەشەری بێ بنەماو درووستکردنی چەندەها تۆمەتی بێ بناخە دژی کارمەندانی ئەم ڕێکخراوە چالاکە لە جیاتی ئەوەی دەستخۆشییان لێبکرێت هەر جارەو بالۆرەیەکیان بۆ درووست دەکرا و هەندێکیان گەیشتە ڕادەی ئەوەی پێیان بلێن "چەپە دۆڕاوەکانی ناو چاک !!" ئەمە لە کاتێکا "چاک" لە هەموو چەشنێکی تێدایە و یەک شت کۆیکردوونەتەوە ئەویش خزمەتی بێ پاداشتە بۆ گەلی بەشخوراوی کوردو کوردستان کە لە خزمەتکردنی هەڵەبجەو ئەنفالدا بەرجەستە دەبێت ، جگە لە هەوڵدانێکی گەورە بۆ ڕاکێشانی تاوانباران بۆ بەردەم دادگا.

خۆشبەختانە هەڵسووڕاوانی چاک دەنگی ناقۆلای ئەو چەند زۆڕنا ژەنە کاری تێنەکردن بە پێچەوانە زیاتر برەویان بە هەوڵەکانیان دەداو ڕژدتر بوون لە گەیاندنی تاوانباران بۆ بەردەم دادگاو بۆ وەرگرتنی سزای ئەو تاوانەی دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامیان داوە ، گەورەترین کاری چاک گەیاندنی تاوانبار بازرگانی چەکی کیمیاوی "فرانس ڤان ئەنرات" بە سزای

**عادیلانەی 15 ساڵ زیندانیی و مەزنترین دەستکەوتیش ناسینی تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال وەک تاوانی جینۆساید بە شێوەی فەرمیی لە لایەن دادگایەکی نێودەوڵەتیی هۆڵەنداوە.**

**ئەو مرۆڤانە شایانی تاجە گوڵینەو شانازین نەک بۆخۆیان و خێزانەکانیان بە تەنیا بەڵکو بۆ گەلەکەیان ، ئەوەنەیان بەسە کە میمکە ڕەعناو ، پوورە فەریدەو ، ڕەحمەو هەموو ئەو دوای میمکەو پوورە داماوەکانی گەرمیان و بادینان ئێستا ئەزانن کە کەسانێک هەن داوای مافەکانیان دەکەن لە دەسەڵات و داوای تۆڵە لە تاوانبارانی وەک عەلی کیمیاوی و خەزرەجی و ئەو دوای سەگە ڕەشەکانی نوگرە سەلمان و حەجاجەکانی کوردستان ، ئەگەر تۆزقاڵێک ویژدان حەکەم بێت دەبێت کۆششی ئەو مرۆڤە خۆنەویستانەی چاک بەرزو بەنرخ ڕاگیرێت و دەستخۆشی و پاڵپشتییان بکرێت . ئێوە تەماشای کاک عەلی مەحمود " عەلی سیاسی" بکەن ، ئەو مرۆڤە بە لاشە لاواز و بە وورە وەک چیای هەندرێن بکەن بزانن لە گەڵ هەڤالانی لە چاک وەک کاک سەڵاحی گەرمیان ، کاک ئەمیر قادر ، کاک کامەران ، کاک دلێر کۆڵنەدەر ، کاک سالار سۆفی ، کاک سەڵاح مەزن ، کاک عومەر ، کاک حاجی ئەنوەر و ئەوانی دیکە لێمببورن هەموو ناوەکان نازانم چ سەروەرییەکیان تۆمار کرد ؟ چاک نەک بە تەنیا داکۆکی لە باشووری کوردستان دەکات ، بەڵکو پەلیی هاوێشتە هەموو پارچەکانی کوردستانی داگیرکراو و لە هەموو بۆنەکاندا پێشڕەو دەستپێشخەر بووە ، ئیتر نازانم چۆن هەندێک قەڵەم وەشێنی بێویژدان لە ڕوویان دێت باسی چاک بە خراپە بکەن؟؟؟**

**هەتا چاک و ئەندامانی چاک لەسەر ئەو 18 پاکیزەیەی گەرمیانی "ئەنفالستان" کە فرۆشراون بە تیاترۆکانی وڵاتی میسر نەهاتنە دەنگ کەس نەیدەزانی ئەو تاوانە گەورەیە کراوە ، دەبێت چەندین تاوانی لەو جۆرە کرابێت ئێمە تا ئێستا نایزانین ؟ من لێرەدا لەم کورتە نووسینەدا ناتوانم یەکە بە یەکەی چالاکیەکانی "چاک" باسبکەم بەڵام کورد گوتەنی " مشتێک نیشانەی خەرمانێکە" و خەرمانی چاکیش زۆر بە پیت و بەرەکەتە.**

**ئەوەی هانیدام ئەو چەند دێڕەی سەرەوە بنووسم ئاگەدارییەکەی ئەم ڕۆژانەی ڕابوردوو بوو کە چاک خەریکە یەکەم کۆنگرەی گشتیی لە ئەڵمانیا گرێدەدات ، بۆ ئەوەی منیش شەرەفی ئەوەم بەرکەوێت لەم دوورەوە چەند پێشنیارێک پێشکەش بە کۆنگرە بکەم بە هیوای ئەوەی سوودێکی هەبێت بۆ بەرنامەی داهاتووی چاک:**

**+ بە گوێرەی ئەو بەرنامە چڕو پڕەی سەرۆکی حکومەتی تازەی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی پێشکەشی کرد لەبەردەم پارلەمانی کوردستان و ئەو پەیمانانەی لە وتەکەیدا هاتن باشترین کار بۆ چاک ئەوەیە کە پرۆژەیەکی تێروتەسەل ئامادە بکات و بیخاتە بەردەستی حکومەتی کوردستان ، باشترین پرۆژەش پرۆژەی خزمەتگوزارییە بکرێت بۆ پاشماوەکانی**

ئەنفال کە باری گرانیان سووک بکات ، دڵنیام کە حکومەتی تازەی کوردستان درێخی ناکات بە گوێرەی پەیمانەکانی خۆیان.

+ گرێدانی پێوەندیی لە گەڵ ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی جیهان و سەردانی کردنی یەکتر و ڕاگۆڕینەوەو لەیەک گەیشتن ، ئاشناکردنی ئەو ڕێکخراوە جیهانییانە بە نەهامەتیەکانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەکەدا.

+ دامەزراندنی کۆمیتەی باڵا و پاشان کۆمیتەی دیکە لە بواری جیاجیا بۆ هەموو بوارەکان وەک (پێوەندیی ، ڕاگەیاندن ، ئابووریی ، کۆمەڵایەتیی ، ...تد) و کەسانێک هەڵبژێرن کە شارەزابن لەو بوارانەدا.

+ کردنەوەی لقی چاک لە هەر وڵاتێک کە مرۆڤی دڵسۆزو چالاکی تێدا بێت.

+ مانگانە بڕێک پارە (ئابوونە) دیاری بکرێت بۆ ڕێکخراوەکە هەر ئەندامێک دەبێت پێشکەشی بکات تاکو هەر هیچ نەبێت دەرامەتێکی هەبێت بۆ راپەڕاندنی کارەکانی ، ئەمە جگە لەوەی کە هەر کەسێک بیەوێت یارمەتی پێکشەش بکات وەک کەسایەتیی و پارتەکان و حکومەت و ...تد

+ دەرکردن و لە چاپدانی گۆڤارێک بۆ چاک و هەوڵبدرێت بە هەرسێ زمانی کوردی و عارەبی و ئینگلیزی چاپبکرێت با لەیەک بەرگیشا بێت وەک سەرەتا پاشان گەر دەرامەت هەبوو جیا بکرێتەوە.

+ درووستکردنی مەڵبەندێک ، سەنتەرێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە لە چەشنی ئەو سەنتەرەی کە لە وڵاتی "ڕواندا" هەیە کە هەرچی شتێک پێوەندیی بە جینۆسایدەکەی رواندا هەیە لەو سەنتەرەدا پارێزراوە و ڕۆژانە بە سەدان کەسی بیانیی دێنە سەردانیی ئەو سەنتەرە کە هەر لە (وێنە ، چەک ، جل و بەرگ ، ئێسک و پروسک ... تد) لە خۆ دەگرێت ، ئەو سەنتەرە کە ڕێکخراوی (ئەیجس تراست) سەرپەرشتیی دەکات بووەتە هۆی دەرامەتێکی زۆریش بۆ پەرەپێدانی سەنتەرەکە.

هیوادارم توانیبێتم بەو چەند دێڕەی سەرەوە خشتێکم خستبێتە سەر دیواری پڕ شکۆی ڕێکخراوی چاک ، سەربەرزن ئەو مرۆڤانەی خزمەتیی گەلی خۆیان و مرۆڤایەتی دەکەن.

**فەخرەدین گەرمیانی**
2006-05-12

---